# تەراژیدیا ی (ئۆتێلۆ) ولیام شکسپیر 1564-1616



شنه پێنجوێنی shnapenjweny@live.nl
هۆڵەندا 2010-09-10

ولیام شکسپیر



تابلۆی شاندوس لە یەکێک لە پێشانگا نیشتمانیەکانی لەندەن هەلواسراوە

**ولیام شکسپیر ؛ شاعیری نەتەوەیی ومەلحەمی ئینگلتەرا و نووسەری شانۆ وئەکتەری بەناوبانگی ئینگلیزە.**

**بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە شێکردنەوەیەکی فەلسەفیانە بووە بۆ عەقلیەتی مرۆڤ وخوێندنەوەی لە زۆر روانگەی جیاوازەوەهەر لەرووی (خۆشیویستی ورۆمانسیەتەوە، رق وکینە ،ژیانی مەلیکەکان ، هۆنراوەو مۆزیك ئەدەب و ......هتد**

**تا وای لێ هاتووە بۆەتە هۆی داهێنان ودروست بوونی چەندین تابلۆیی جیهانی و لەلایەن شێوەکارانی ئەوسەردەمەو شێوەکاری رۆمانسی سویسری (هنری فوسیلی) یەوە.**



**تابلۆکانی (هنری فوسیلی) لەساڵەکانی 1780-1793**

**کاریگەری تەواوی لەسەر شیعری رۆمانسی هەبووە ، هەروەها لەکاتی خۆیی و ئێستادا بووەتە هۆی لێکۆڵێنەوە لای رۆمانووسە جیهانیەکان لەوانە ( تۆماس هاردی، ولیام فوکنر، تشارلز دیکنز).**

**هەروەها مەنەلۆگەکانی رۆمانووسی ئەمەریکی(هیرمان ملفیل) قەرزارباری ئەدەبی شکسپیرە.**

**(سیجمۆند فرۆید) پشتی بەزانستە دەروونیەکانی شکسپیر بەستووە بەتایبەتی ( هاملێت) بۆ ئەو تێرامان و شیکردنەوانەی لەسەر دروست بوونی کارەکتەری مرۆڤ و کاردانەوەی لەژیانی رۆژانەیدا .**

**لە رۆژگارەکانی شکسپیردا زمان ورێزمانی ئینگلیزی ئەو یەکگرتویەی ئێستەی نەبووە، ئەدەب وهونەرەکەی یارمەتی ئەوەی داوە کە زمانێکی پاکی تازەو یەکگرتوو بێتە کایەوە وەك چۆن دانەری فەرهەنگی ئینگلیزی**

**(صمویل جونسون)کە باسی لە بەکارهێنانی دەستەواژە تازەکانی زمانی ئینگلیزی کردوە لە بەرهەماکانی شکسپیردا بۆ نمونە ( هەناسە گیراوەکان ، بازرگانی چەك ، کۆتاییەکی سوور) رێچکەیەک بوو بۆ یەکەمین جار بۆ پاکردنەوەی زمانی ئینگلیزی وتازە بوونەوەی.**

**ئەمەیە کاری هونەرو ئەدەب کە تا ئێستاش زیندووەو بوونی میللەتێك وئەقلیەتی مەدەنی چالاکانە دەسەلمێنێت.**

هەر لەمیانەی ئەم بەرهەمە قوڵە فەلسەفیانەوە وە دەچینە سەر شیکردنەوەی یەکێ لەشاکارە گرنگەکانی کە شانۆگەری ئۆتێلۆیە ،

( othello) بە ئینگلیزی یە. بەزمانی ئیتالی بەمانای (ئاگادار) دێت بەڵام ئایا ئۆتێلۆ ئاگادار بوو بەراست؟

یان کەوتە ئەو چاڵەی بۆی هەلکەندرابوو لە لایەن یاگۆوە، مەبەستی ئێمەش لەم باسەدا یاگۆیە.

# تراجیدیای ئۆتێلۆ ساڵی (1604)

یاگۆ یان (ئیاگۆ) کارەکتەرێکە لە یەکێ لە شاکارە بەناوبانگەکانی ( ولیەم شکسپیر)ە لە شانۆگەری(ئۆتێلۆ )دا ، کە دوو رووی هەیە یەکێکیان روویەکی ئێجگار دلسۆزو بەبەزەیی وگوێ رایەڵ ئەوی تریان روویەکی درندەیی و ناپاکی و دروست کردنی تاوانی ناڕەوایە بۆ گەیشتن بەمەرامە نابەجێییەکانی خۆی چ بۆ پایەی رامیاری وچ لە رووی کۆمەڵایەتی یەوە..

بەم شێوەیە هەڵدەستێت بە پیلان دانان بۆ بۆدێزدەمونەی خێزانی ئۆتێلۆکە گوایە خیانەتی لێکردوە و ئەو دەستەسرەی کە ئۆتێلۆ بەدیاری دابووی بە دێزدەموونەی خێزانی کە خۆشەویترین دیاری دایکی بووە لای کاسێۆیە و پەیوەندی لەگەڵی دا هەیە تاوای لێدێ ئەم رق وکینەیە لەناو مێشك ودەروونی ئۆتێلۆدا دەچێنێت لە هەوڵی ئەوەدایە کەماڵی بەدەستی ئۆتێلۆ خۆی وێران بکات .

کە دەکرێ ئەو دەستەسرە بوعدێکی میسالیانە ووەهمی گرنگی هەبێت لای ئۆتێلۆ بەو مانایەی تاکە یادگاریەکی خۆشیویستی دایکی بێت کە پێشکەشێ کردبێ گەر وونت کرد مانای خۆشەویستیش وون دەکەیت .یان نەمانی خۆشەویستی یە یان گوێپێنەدان بەکلتوورو پاراستنیەتی ، پەیوەست بوون بەو فەزا وەهمی یە دەکرێ بووبێتە زەمینە خۆشکەر تا تاوانەکە لەلایەن یاگۆوە بۆ دێزدەمونەی پاك وبێگەرد سەر بگرێ.

تا لەکۆتادا ئۆتێلۆ بریاری کوشتنی دێزدەمونەی هاوسەرو خۆشەویستی دەدات کە دەچێتە ژووری نوستنەکەی لە ناو جێگەکەیدا پاڵ کەوتوە .ئۆتێلۆ لەیەکاتدا پڕە لە خۆشەویستی وپڕە لە رق، لەگە ڵ دێزدەمونە دەکەوێتە پەیفین دەڵێ

ئەی ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان نازانم ناوی بنێم چی. لەگەڵ ئەوەی بە نیازی خوێن رشتن و شەقار شەقار کردنی ئەم پێستە مەرمەری یەی نیم ، بەڵام دەبێ بمرێ، تاوەکو کەسی تر هەڵنەخەڵەتێنی . با چراکە بکوژێنمەوە ، ئەی رووناکی هەر کە دەتکوژێنمەوە بە جۆرێك پەشیمان دەبمەوە.....ناچار دەبم بە پەلە رۆشنت کەمەوە.......بەڵام ئەی جوانترین داهێنەری سروشت ،چۆن کەدەکوژێیتەوە ئەو گڕو رووناکیەت بەردا دێتەوە....کاتێك ئەو گوڵە گەشەت لە رەگ وریشە هەڵدەکێشرێت زەرد هەڵدەگەڕێ.......چار نی یەدەبێ هەر لە شوێنی خۆیەوە بۆنی بکەم.....ئاخ چ ئەفسوسێکە تەنانەت شمشێر لەت دەکات.....جارێکی تریش مەبزوو راوەستە تا دەتکوژم....

...بەڵام دڵنیابە خۆشم دەوێی. ماچێکی دەکات وپێی دەڵێ نە ماچ لەمە شێرین ترو نە ئەنجام لەمە تاڵتر هەیە..دەبێ تاماوم فرمێسکی خوێنین برێژم.....ئەمە ئازارێکە لە ئاسمانەوە بۆ دڵداران دێتە خوارێ.................

تالەکۆتادا بەدان پێدانی ئیمیلیا کە خێزانی یاگۆیە کە ئەو دەسرەکەی داوە با یاگۆ دەزانێ یاگۆ پیلان دانەر بووەو دێزدەمونە بێجگە لە خۆشەویستی بۆ ئەوهیچ تاوانێکی نەکردوە هاواری لێبەرز دەبێتەوەو دەڵێ

پیاوێك لە خۆشەویستی خۆی تێنەگەیشت و لەدەستی خۆی دا، پیاوێك بەنرخترین مرواری لەکیسی خۆی دا خەنجەرەکەی دەکات بەسەر دڵێ خۆیداو کۆتایی بە خۆشی دەهێنێت.

ئەمەیە ئەو تراژیدیایەی کە رق وکینەو پیلان دانان لەلایەن کەسێکەوە کە دوورە لەهەموو بنەما ئەخلاقیەکانەوە ونواندنی کارەکتەرێکی کچکەڵەو خۆپەرستانەیە ،کە دەبێتە هەوێنی ئازارێکێ زۆر بۆ مرۆڤایەتی وپاکی ویژدان.

له كتێبی سینۆههدا كهباس له پزیشكی فیرعهونهكانی میسر دهكات و لهسهردهمی شكسپیر و له ئێستاماندا ئهوهمان بۆ دهسهلمێنێت كه دهروون ورهفتارهكانی مرۆڤ لهههموو سهردهمێكدا چوون یهكهو بوونهوهرێكی زۆر ئالۆزهو ناكرێ ههر وا بهسانیی لێیان بدوێین ، لهم سهدرهمهداوله ئێستاماندا و بهتایبهتی له كۆمهلگا دواكهوتوهكاندا ئهم جۆره یاگۆیانه له شێوهو فۆرمی جیاوازدا دهردهكهون تا له ئانجامدا كێشهو ئازاری لێدهكهوێتهوه.

ئهمه ئهوه دهگهیهنێت كه بهرههمه مهعریفی وفهلسهفیهكانی شكسپیر تا ئێستا زیندووه و باس له كارو كاردانهوهكانی مرۆڤ وههڵچوون ورهفتارهكانی دهكات ، دهكرێ جۆرێ له نهخۆشی دهروونی بێت كه مرۆڤ كاتێ ههوڵێ ئهوهی دا دهمامكهكان له روو بكات وراستیهكان ئاوهژوو بكات بۆ مهبهست ومهرامهكانی خۆی ، ئامادهی ههموو ئهو ههوڵه نا مرۆیانه بدات كه لهمیانهیهوه بوونی خۆی بسهلمێنێت ، پێچهوانهكهشی راسته كهكهسێكی بودهڵهو ترسنۆكهو لهناخدا ههست بهنهبوونی خۆی دهكات تا وای لێ دێ ئهو كاردانهوه نابهجێیانهی ههبێت .

چاندنی ر ق وكینه بوونی مرۆڤێكی ناتهندروست دهردهخات، چێژ وهرگرتن له ئازاری بهرامبهر( سادی) یه بێگومان نهخۆشی دهروونیه، نهبوونی ئهخلاقی مهدهنیه. دهیسهلمێنێت كه پێویستی به چارهسهری دهروونی ههیه .

گهورهی و نهمری شاكاره ئهدهبی وهونهریهكانی شكسپیر لهوهدایه كه توانی له سێیهری بهرههمهكانیدا پهنجه بخاته سهر ههموو ئهو ئازارو گهورهیانهی مرۆڤایاتی وله ئۆتێلۆدا توانی بهرهی خێر وبهرهی شهڕ خۆشهویستی رق بهیان بكات .راسته شكسپیر و به شێوهی فیزیكی وجهستهی مردوه، بهڵام شكسپیر بوونی ههیه له خزمهت كردنی مرۆڤایهتی له ههموو روویهكهوه و زیندووه.


سهرچاوهكان به سوپاسهوه؛

1 ئۆتێلۆ ؛ نووسینی ولێم شكسپیر ئهحمهد سالار كردویهتی به كوردی 1978 ز .

2 ولیام شكسپیر ؛ ویكیپیدیا سهرچاوهیهكی زانست وزانیاری گهوره.

3 كتێبخانهی كوردی.

4 ههندێ سهرچاوهی خوێندنهوهی تر له رۆژنامهو گۆڤارهكاندا.

5 سینۆهه ؛ پزیشكی تایبهتی فیرعهون نوسینی؛ میگاڤالتاری


وهرگێرانی؛ سهیدا شێخ زرار